کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:18 25-4-2007

## لەسەر لێشێواوییەوە بۆ سەر لێشێواوییەکی دی! ... ستارمحەمەد قادر

ئەمڕۆ ئەگەر ئاوڕ لەو پانتاییە بدەینەوە کە لە پاش راپەڕینی بەهاری"1991"ەوە بەیارمەتی پشتێنەی ئەمنی لە دەست جەورو ستەمی بەعس رزگاری بوو و بوو بە دەروازەیەك بۆ حزبە کوردستانییەکان تا دابەزنە نێو شارەکان و رووبەرووی ئەزموونێك ببنەوە کە دانسقەبوو لە دیرۆکی نەتەوەی کوردا. بە داخەوە لە سەرەتای ئەم تاقیکردنەوە مێژووییەدا تا ئەمڕۆشی لە گەڵدا بێت نەیانتوانیوە دەسبەرداری کلتوری شاخ ببن و تایبەتمەندییەکانی شار بپارێزن و برەو بەو کایە فرە رەهەندانە بدەن کە لە شاردا بوونی هەبوو، نەك بەوەوە نەوێستان بەڵکو کاریگەرییەکی ترسناکیان لە سەر ئەو باڵە هەستیارەش بە جێهێشت کە بەرۆشنبیری ناو زەد دەکرێت، ئەقڵی شاخ بوو بە سەنتەری بیرکردنەوەو کۆمەڵگای بە شێوەیەك کۆنترۆڵ کرد هەر هەموویانی بۆ خۆی قۆرخ کرد، ئەقڵی شاخ نەك لە شاردا بە رۆڵی خۆی هەڵنەسا، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی برەودان بوو بەو ئەقڵییەتەی کە بە شار نامۆ بوو وکارەساتی گەورەی لە شوێن خۆی بە جێ هێشت.

راستە دەسەڵاتی کوردی ئەزموونێکی کەمی هەیە لە حوکمڕانی، بەڵام ساڵانێکی زۆری دەوێت تا بتوانێت دەسبەرداری ئەو ئەقڵییەتە ببێت کە لەو ماوە کەمەدا فێری بووە!. یەکەم ئەزموونی حوکمڕانی لە باشووردا، ئەزموونێك بوو گوزارشتی لە بێ خەمی حزب دەکرد بەرامبەر بە قووربانییەکان، لەشوێن دادپەروەری، وێنای ستەمکارییەکانی بەعس بوو لێ لە بەرگێکی دیدا، کوشتنی دڵی ناسۆری کەس و کاری کیمیا باران و ئەنفال بوو، کوشتنی هەموو ئەو جوانییانە بوو لە پاش کارەساتی ئەنفال بە دەگمەن لە کوردستاندا هەستییان پێ دەکرا، دابەش کردنی کەلاکی نیشتمان بوو بە سەر... ؟دا لە پاش کشانەوەی بەعس، دەسەڵاتی خۆماڵی لە شوێن بڕوا گوومانی ناشت لە ناو دڵی تاکەکانی ئەم نیشتمانە بریندارەدا، لەشوێن ئاوەدانی تا ساڵانێك کاولتریان کرد، لە شوێن ئاوڕدانەوە لە قوربانییەکان، تینووی قوربانی زیاتر بوون. لە شوێن حوکمی گەل یان پیادە کردنی دیموکراسی ستەم رۆڵی سەرەکی دە گێڕا، بۆیە دەبینین حزب بوو بە هەموو شتێك هێندە گەورە کرایەوە هەستی لە ناخی تاکەکاندا نەهێشت، لە سەرەتای راپەڕینەوە حزب حاکم بوو لە کوردستاندا، هەر حزبیش بە ئارەزووی خۆی تووانی بکەوێتە لەت کردنی جەستەی ئەو نیشتمانەی کە دوژمنانمان پارچەپارچەیان کردبوو، درووستکردنی دووئیدارە بە ناو حکومەتەوە لە سێ شاردا ئا لەوێوە حزب دەبێ بە بڕیاردەر لەسەر چارەنووسی نەتەوەو نیشتمان بە ئارەزووی خۆی دابەش دەکات. بێدەنگی رۆشنبیران لەو ساتە وەختەدا، بێدەنگییە لە بەرامبەر زەرفێکی زەمەنی کە پێویستی بە دەنگەوە هاتنی ئەوان هەبوو، تێکەڵ بوونی ناوەندی رۆشنبیری و بەشدار بوونی لە پرۆسەی سەربڕینی نیشتمان، زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ ئایندە، زەنگێك بە دەسەڵاتی دەووت تۆ بڕیاردەروو ئێمە جێبەجێکەر، چارەنووسی تۆ زۆر لە نیشتمان و گەلێکی ستەمدیدە گرنگترە، هەمووومان لە حزووری تۆداین، ئا لەو ساتە وەختەوە ئیدی شتێك نەما لە حزب پیرۆز ترو لەویش گەورەتربێت، لێرەوە پاڵەوانی حزب چاو بەو کاریگەرییانەی خۆیدا دەخشێنێ کە توانیویەتی خۆی فەرز بکات بەسەر هەموو شتێکی نیشتماندا، بۆیە بەلایەوە ئاسایی دەبێ لە پێناو بەرگریکردن لە خۆی شەڕیك بخوولقێنێ مرۆڤ و خامەو ئاو و خاك و دارو باڵندەکان بکات بە سووتەمەنی و نیشتمانێکی نامۆ بە خەڵکە رەسەنەکەی پێشان بدات، نیشتمانێك چیدی بۆ ئەو کەسانەی ئینتیمای حزبییان نەبێت نەتوانن تیایدا وەکو هاوڵاتییەکی ئاسایی ژیانی تێدا بکەن. لە سەرەتاوە دەسەڵاتی کوردی توانی دەس بگرێت بە سەر هەموو کایەکانی کۆمەڵگادا بە رۆشنبیرانیشەوە، بەڵام پاش ساڵانێکی زۆر ئەوجار ئەو ناوەندە بە ئاگا دێتەوە کە رۆڵی ئەو شتێکی دییە، ئەو شەڕە شەڕی ئەو نییە، بۆیە پاش ئەوەی دەسەڵات بە یارمەتی خامەکانی ئەوانەوە سوودێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زۆری بینی و خەڵکێکی زۆریش بەناوی بەرگریکردنەوە بوون بە سووتەمەنی و حزب بوو بە ئومێدو خەونی کۆمەڵانی خەڵك و سەرکردەش بوو بەو کەسە کاریزمییەی کە بەبێ ئەو ژیان تامی نامێنێ و نیشتمان لە پێشیدا وەکو مەڕی لاتی لێدێت و لە هەر بۆنەیەکدا ئەو ئارەزووی لێ بێت دەتوانێت بیکات بە قووربانی!. هەموو ئەمانەش بوون بە هۆکاری تێکەڵ بوونی شتەکان، تێکەڵ بوونی حەڵال بە حەرام، حزب و حکومەت، بەرپرسیارێتی و گەندەڵی، دروستکردنی ڕێکخراوەکان بە ناوی خوازراوەوە کە مەهامیان لە مەهامی ئۆرگانێکی حزبی زیاتر شتێکی دی نەبوو، داد دەکەوێتە ژێر دەستی حزب و ئەو شوێنەش دەبێت بە یەکێك لە بارەگاکانی حزب، ئیتر شوێنێك لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بێت دەبێ تژی بێت لە ئەندامەکانی ئەو و لە ڕێنماییەکانی ئەو دەرنەچێت. لە کاتێکدا دادگا ئەو شوێنەیە دەبێت کاریگەری هیچ لایەنێك قبووڵ نەکات، بەڵام هەر کاتێ ناوەندی ڕۆشنبیری لە قەیراندا بێت، هەموو ئەمانە بۆ حزب فەراهەم دەبێت.

ئەمەش بۆخۆی بووە بە مایەی کۆمەڵێك قەیران لەلایەك دەسەڵاتی کوردی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پرسیار دەکاتەوە لەلایەکی دی بووە بە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێك ئاڵۆزی بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی. ئەم دووباڵە هەر یەکەیان ئاراستەیەکی جیاوازیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووەو لە پنتێکدا یەکناگرنەوە، ئەمەیە سەرە داوی ئەو قەیرانەی کە ئەقڵییەتی شاخ لە شاردا بەرجەستەی کردووە و ڕەنگە ئەگەر بیر لە میکانیزمی چارەسەرکردن ولێکگەیشتنیان نەکرێتەوە لەئایندەدا ببێت بە مایەی کوشتنی هەموو جوانییەکان و بە زیانێکی گەورە لەسەرمان بکەوێت. لەسەرەتادا هیچ بایەخێك بۆ ئەو ناوەندە دانەدەنرا کە ئەمڕۆ ڕەخنە لە میکانیزمی ئیشکردنی دەسەڵات دەگرێت و ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پرسیاری دەکاتەوە، حزب وا لەو باڵەی دەڕوانی کە لە مناڵدانی خۆیەوە چاوی بەژیان هەڵهێناوە هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات ڕۆژێك بێت ڕەخنەی بکات، چونکە ئەو ناوەندە باڵێك بوو لە حزب و لەلایەن ئەوەوە قۆرخ کرابوو، پاش ململانێ نا تەندرووستەکان و کارەساتی جەرگ بڕی شەڕی ناوخۆ ئەم باڵە هەستیارە توانی لە ژێر کاریگەری حزب خۆی دەرباز بکات و لە ناو جەماوەری کوردستاندا بە فۆرمێکی دی خۆی بداتە ناساندن، ، ئەم کایە فکرییە توانی لە سەر ئەرزی واقیع توانای خۆی تاقی بکاتەوەو ببێت بە کەناڵێك ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بانگەوازی خۆی بدات بە گوێی دەسەڵاتدا کە چی دی سەردەمی شاخ کۆتایی پێهات و ئەمەی ئەمڕۆ سەردەمێکی جیاوازە، بە واتایەکی دی ئەم ناوەندە لەهەوڵی بەرجەستەکردنی ریفۆرمدایە، ریفۆرمێك دەیەوێت سنوورێك بۆ ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە دابنرێت کە ئەقڵی حزبی لە کوردستاندا بەرهەمهێنییەتی. بەڵام دەسەڵات لە بەر ئەوەی لە پاش ڕاپەرینەوە ئۆرگانە حزبییەکان ئەو شوێنەبووە ئارامی پێیان بە خشیوە هەروا بە سانایی ناتوانێت یان نەیتوانیوە ستایلێکی دی بدۆزێتەوە چونکە لە سەروەریەکانی خۆیان دەترسان، هەرچەندە گەورەترین سەروەری لە ڕەزامەندی میللەتەوە سەرچاوە دەگرێت. ململانێ نا تەندرووستەکان هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەو پاشا گەردانیەیە کە ئەمڕۆ هەستی پێدەکرێ و دەبینرێت، ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی پاش ماوەیەکی زۆر ئەوجار بە ئاگا هاتەوە، چونکە ماوەیەکی چاك ژینگەی ئەوانیش کەوتە داوی حزبەکانەوە، نموونەی هەرە زیندوویش ئەو لاپەڕانەن کە تژین لە مۆرکی حزبایەتی و جنێو فرۆشتن لە کاتێکدا ئەو شەڕە نەك هی ئەوان نەبوو بەڵکو وەکو ماشەیەك تیایدا بەکار ئەهێنران، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دییەوە حزب بەبەردەوامی لە هەوڵی ئەوە دا بووە هەموو کایەکان بۆ خۆی قۆرخ بکات، ئەمەش بۆ خۆی ئەزموونێکی پووچەڵە لە ناوەندی حوکمڕانی جیهانی نوێدا، بۆیە دەبینین حزب ڕێکخراوی بەناو مەدەنی چێ دەکات، حزب داکۆکی لەمافی ژنان دەکات، دەبێت بە فریاد ڕەس و لە بەرنامەیدایە وەکو ئۆکسجین تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵك ببێت تا لەوە دڵنیا بێت کە لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

توانایدایە بچێتە هەموو شوێنێکەوە، حزب دەیەوێت بە کۆمەڵانی خەڵك بڵێت لە دەرەوەی من دووچاری هەڕەشەو مەترسییەکان دەبنەوە، لە دەرەوەی من شتێك نییە ناوی ئازادی بێ بۆیە دەیەوێت ئازادیی سنووردار بکاو لە ناو بۆتەی دەزگا حزبییەکاندا قەتیسیان بدات. ئەزموونی بە حزبی کردنی کۆمەڵگا، ئەزموونێکی پووچەڵە کە حزبە تۆتالیتارەکانی ڕۆژهەڵات بە درێژایی تەمەنیان نەیانتوانیوە دەسبەرداری ببن، ئەم ئەزموونە لەلایەن ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییەوە بەبەردەوامی ڕەخنە دەکرێت و لێی دەدرێت!. چونکە لەناو ئەم ئەزموونەدا ئیمتیازات ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت بۆ بە خشینی پلەو پایەکان و زۆر کاری نابەجێ و نارەوا دەبینرێت و کۆمەڵانی خەڵك باسی لێ دەکەن، ئا لێرەوە ناکۆکییەکان سەر هەڵئەدەن و خامەکان دەکەونە باسکردنی ئەو خەوشانەی کە لەمپەرن لە بەردەم دروستکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا، ئەوەی من دەمەوێت باسی بکەم ئەویش بە داخێکی زۆرەوە زۆر نووسەر هەن وەکو ئەوەی وابزانن ئەگەر بەردێکی گەورە هەڵبگرن نیشانەی پاڵەوانێتی بۆ خۆیان تۆمار دەکەن، لە کاتێکدا هەڵگرتنی بەردی گەورە نیشانەکانی دیارە، یان هەندێکی دی باس لە هەندێك شت دەکەن خۆیانیش زۆر بەباشی دەزانن مەگەر لە خەوندا بیانبینن، چونکە تا گۆڕان بەرجەستە نەبێت زەحمەتە دەسەڵات لە هەوڵی دروستکردنی حکومەتی دامەزراوەییدا بێت، باشترین کارێك ئەمڕۆ ڕۆشنبیران پێی هەڵسن، ئەویش داڕشتنی میکانیزمی چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەیە لە گەڵ دەسەڵاتدا، ڕووبەڕووبوونەوەیەك ڕەنگبێت بەخشینی قوربانیشی پێویست بێت!. ئەما بەم ستایلەی کە ئێستا ڕۆشنبیران ئیشی لە سەر دەکەن باوەڕناکەم هیچ جۆرە ئیجابیاتێك لە خۆی بگرێت، من نموونە دێنمەوە ئەمڕۆ لە کوردستاندا باس لە گەندەڵی دەکرێت، لێ کێ گەندەڵە؟، ئەمە پرسیارە دەسەڵات بەبەرد وەوامی لە ئێمەی دەکات!. وەڵامی ئێمە بۆ ئەو پرسیارە لە ڕووی یاساییەوە بەو شێوەی ئێستا لاواز دەبینرێت، چونکە تا ئێستا یەکێك لە ئێمە وەکو جەنگاوەرێك نەمانتوانیوە لە دادگادا سکاڵا تۆمار بکەین لە سەر کابرایەکی گەندەڵ، لە کاتێکدا یەکێك لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەوانی ئەوە نییە بەتەنها شتەکان لە چوار چێوەی نووسیندا بە جێبهێڵێت، بەڵکو دەبێت بە دوادا چوونی هەبێت بۆ هەموو شتەکان، یان کێوماڵی کابرایەکی گەندەڵ بکات و لە ڕۆژنامەدا بڵاوی بکاتەوە، ئەوەی دەبینرێ و دەوترێت گەندەڵی هەیە، ئەمەش لە ڕووی یاساییەوە وەکو ئەوە وایە لە دادگا پەنجە مۆریان لێت بوێت، تۆیش واژۆیان بۆ ببەیت، یان بتەوێت بە بێ بەڵگە کابرایەك تاوانبار بکەیت؟، من بۆیە ناوی ئەم بابەتەم ناوە لەسەر لێشێوایەوە بۆ سەر لێشێواویەکی دی، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لە ناوەندی ڕۆشنبیریدا دەبینرێت هەر ئەو وەسفە هەڵدەگرێت، دەنا بە پێی نووسینەکانمان بێت، دەبێ هەر ڕۆژە بەرپرسێك ڕاپێچی دادگا بکەین و بۆیان بسەلمێنین ئەگەر ئەوان لەسەر مۆدیلێکی کۆن دەیانەوێت برەو بە پێشێلکارییەکانیان بدەن ئەوا ئێمە لە ڕێگای دادگاوە لە بارتەقامانداية پێشیان لێبگرین، بەڵام بە داخەوە ئەوەی دەبینرێت نەك بەتەنها دەسەڵات لە کوردستاندا تووشی ئاڵۆزی بووە بەڵکو ڕۆشنبیرانیش لەسەر ستایلێك ئیش دەکەن کە کۆمەڵێك ئاڵۆزی بە دوای خۆیدا هێناوە، ئەگەر وانییە بۆ تا ئەمڕۆ تەنها ڕۆژنامەنووسان لە لایەن بەرپرسانەوە داوایان لەسەر تۆمار دەکرێ و ڕاپێچی دادگا دەکرێن؟، تا ئێستا نەمانبینی بەرپرسێك لە لایەن ڕۆژنامەنووسێکەوە یان لە سەر داوای ئەو بانگهێشتی هۆڵی دادگا بکرێت، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات تەنها دەسەڵات لە قەیراندا نییە بەڵکو ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیش لە قەیراندا ژیان دەکاو نەیتوانیوە بە شێوەیەکی تەندروست بەئەرکەکانی خۆی هەڵبسێت، هەرچەندە دادگایش هی حزبەو حزب لەوێوە ڕەوایەتی بۆ کارەکانی خۆی بە سانایی بەدەست دەهێنێت، بەڵام ئەگەر ئەمە پاساو بێت وابزانم واز لە نووسین بهێنین گەلێك باشترە لەوەی پووڵ بە هاوڵاتیان بە هەدەر بدەین!. چونکە هەر شتێ لاواز ببینرێت هەست بە بوونی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناكرێت، بۆیە من بە باشی دەزانم ئەو نووسەرانەی وا خوازیارن بیمە بۆ پەككەوتووان و بێكارەكان بە دەستبهێنن و شوێنی نیشتەجێ بۆ گەنجان لە رووی نووسینێكەوە فەراهەم بكەن، ئەوانە نەك نوێخواز نین بە لكو دەیانەوێت داخوازییەكان بە شێوەیەك پێشنیار بكەن كە تا دنیا دنیا بێت تەنها ئەم نانە بەو رۆنە بێت!. كێ لە ئێمە هەیە هەست بە لاوازی ئەو پێشنیارە لاوازانە نەكات كە لە لایەن رۆشنبیرانەوە لە پێناو چارەسەركردنی كێشەكاندا دەخرینە روو، یەكەم خاڵ كە پێویستە جەختی لە سەر بكرێت ئەویش دابڕانی حزبە لە حكومەت، تا ئەمە ئەنجام نەدرێت هەموو تێڕوانین و نووسینەكانمان دەچنە خانەیەكەوە نەك نابن بە فاكتەرێك بۆ چاكسازی رەنگە كۆمەڵێك ئاڵۆزی دی بهێننە ناو ژیانمانەوە، با ئەو تەوەرانەی هەڵیدەبژێرین شتی شێلگیر ببن، نەك تەنها بۆ گۆشە پڕ كردنەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی تەندرووست لە خزمەتی كۆمەڵگادا ببین، پێویستە خۆمان لەو ئاڵۆزیانە پاك بكەینەوە كە لە دەرئەنجامی ئاڵۆزییەكانی دەسەڵاتەوە بۆمان ماوەتەوە!.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.